No: ژمارە: ١١٠٤٣

Date: ڕێکەوت: ٢ / ٧ / ٢٠١٦ ی زایینی
: ٢ / ٥ / ٢٧١٦ ی کوردی

# ڕێنمایی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١٦

## وەرگرتنی(ڕاستەوخۆی زانکۆیی) لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان

**یەکەم/ پلانی وەرگرتن:**

وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە لەلایەن زانکۆ، کۆلێژ، فاکەڵتی پەیمانگە، سکوڵ، بەش، ئامادە و جێ بەجێ دەکرێت بە ڕەچاوکردنی میکانیزمی پلان لە ساڵانی ڕابردودا بەپێ ی قۆناغەکانی پرۆسەی ئامادەکردنی پلانی خوێندن لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان دوای پەسندکردنی لەلایەن وەزارەتەوە و، لە پلانەکەدا ڕێژەیەک لە(٢٠%)کەمتر نەبێت بۆ خوێندنی پاراڵێل تەرخان دەکریت، ئەم وەرگرتنە خوێندن لە کۆلێژەکانی کۆمەڵەی پزیشکی و ئەندازیاری و بەشی یاسا لەکۆلیژ/ فاکەڵتی یاسا ناگرێتەوە.

**دووەم/ مەرجی پێشکەش کردن و پێشبرکێ:**

١- کەمترین نمرەی پێشبرکێ ی وانەی پسپۆری (دروس المفاضلة) لە پلانەکەدا لەلایەن بەشی زانستی دیاری دەکرێت بەپێ ی پسپۆری و تایبەتمەندی خۆی بەشێوازێکی یەکخراو لە زانکۆکاندا.

٢- دەرچوانی ئامادەیی یەکانی هەرێمی کوردستان (لقی زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠١٥ - ٢٠١٦) دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن، بۆ پێشبرکێ لە دەرچوانی خولی یەکەم و دووەمدا، بەمەرجێ کۆنمرەی ئامادەییان لە (٦٠%) کەمتر نەبێت و تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت.

٣- دەرچوانی ئامادەیی یەکانی (لقی زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندن(٢٠١٤ – ٢٠١٥) کە لە هیچ زانکۆیەکی حکومی و تایبەت وەرنەگیراون مافی پێش کەش کردنیان دەبێت، بۆ پێشبرکێ بەمەرجێ کۆنمرەی ئامادەییان لە (٦٠%) کەمتر نەبێت و تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت.

٤- دەرچوانی ئامادەیی یە پیشەیی یەکان دەتوانن بچنە پێشبرکێ بۆ ئەو بەشانەی کەمافی پێشکەش کردنیان هەیە، بەپێ ی ڕێنمایی هاتوو لە ڕێبەری قوتابیان/خوێندکاران. بۆ دەرچوانی ئامادەیی

پیشەیی، ساڵی خوێندنی(٢٠١٥ – ٢٠١٦)، بەمەرجێک کۆنمرەیان (٦٠%) کەمتر نەبێت و تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت.

٥- بەمەبەستی هاندانی داواکاری خوێندنی ڕاستەوخۆی زانکۆیی لە وڵاتانی دەرەوە بۆ دەرچوانی ئامادەیی یەکانی وڵاتەکانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان و بیانی و نێودەوڵەتی دەکرێ ڕێژەیەک لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن دیاری بکرێت بۆ وەرگرتنیان بە سیستەمی پارلێل، لەگەڵ چاوپۆشیکردن لەهەندێ مەرج، وەکو تەمەن و ساڵی دەرچوون و کۆنمرە.

٦- داواکار تەنها مافی پێشکەش کردنی بۆ یەک زانکۆ چڕ دەکاتەوە وەلەلایەن زانکۆوە تەنها بۆیەک بەشی شایستە بوون کاندید دەکرێت.

٧- جگە لەوانەی کە لە خالی(٢، ٣، ٤) هاتووە پێشبرکێ لەسەر ڕێژەی پارالێل دەکەن، بۆ دەرچوانی سالانی پێشووی ئامادەیی یەکانی هەرێم و عیراق، بە ڕەچاوکردنی ڕینماییەکانی پاراليل لە نمرەو تەمەندا، وەنمرەی کاندیدکردنی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لەو بەشانە دەبێتە بنەما بۆ پشبرکێ ی ڕێژەی پارلێل، بە چاو پۆشی لە ساڵی دەرچوون، وە لەلایەن لێژنەیەکی تایبەت، بۆ هەر بەشێک کرێی خوێندن دیاری دەکرێت.

٨- پێشکەش کردن ڕاستەوخۆ لە تۆماری کۆلێژ/ فاکەڵتی/ پەیمانگەی زانکۆی پەیوەندیدار دەبێت.

٩- فۆرمێک لەلایەن ناوەندی وەرگرتن ئامادە دەکرێت بە هەماهەنگی لە گەڵ زانکۆکاندا بە شێوازێکی یەکخراو، وە سوود لە زانیاریەکانی زانکۆ لاین وە وەردەگرێت.

## سێیەم/ پێشکەش کردن و چاوپێکەوتن:

١- زانکۆکان کاردەکەن بۆ ئامادەکردنی پلانی خۆیان بەم سیستمە و، دوایین کات ڕۆژی (٢٠١٦/٧/٢١) دەبێت بۆ ناردنی پلانەکانیان بۆ وەزارەت.

٢- پێشکەش کردن لە (٢٠١٦/٧/٢٤)تاکو (٢٠١٦/٨/٢٤) ڕاستەوخۆ لە تۆماری کۆلێژ، فاکەڵتی پەیمانگە دەبێت.

٣- لێژنەی زانستی بەش هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاقیکرنەوەو چاوپیکەوتن بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی کۆلێژ، فاکەڵتی، پەیمانگە، یا لێژنەی زانستی کۆلێژ بە میکانزمێکی عەدالەت ئامێزو زانستی.

٤- چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە لە (٢٠١٦/٨/٢٨) تاکو (٢٠١٦/٩/١)بە شێوازی (نووسین، زارەکی) لەلایەن لێژنەی زانستی بەشەوە ئەنجام دەدرێت و، لەلایەن لێژنەی زانستی کۆلێژ/ فاکەلتی، پەیمانگە، سەرپەرشتی دەکرێت و، باشتر وایە ئەندامێکی پسپۆری لێژنەکە یا زیاتر لە دەرەوەی زانکۆکە بێت و سوود لە ئەزموونی ئەو بەشە زانستیانە وەردەگیرێت کە پێشتر ئەم سیستمەیان پەیڕەو کردووە، وەکو (پەروەردەی وەرزش)، وە رێژەی (٤٠%) نمرەی پێشبرکێ لەسەر ئەو تاقیکردنەوە دەبێت و، رێژەی (٦٠%) لەسەر تیکرای نمرەی ئامادەیی دەبێت، چاوپێکەوتن تەنها بۆ شیاوی خوێندکار دەبێت و هیچ خاڵی بۆ تەرخان ناکرێت.

٥- بۆ ئەو پسپۆرییانەی کە لێهاتوویی و کارامەیی و زانستی و هونەری و تەکنیکی پێویستی بە دۆکومێنتی فەرمی هەیە رێژەی (١٠%) نمرەکانی تاقیکردنەوەکە لەسەر ئەو لێهاتووییە دادەنرێت بەپێی گرنگی دۆکومێنتەکە.

## چوارەم/ راگەیاندنی وەرگرتن و مافی زانکۆلاین

١- ناوەکان بە شێوازی بەرایی لە (٢٠١٦/٩/١٨) لەلایەن زانکۆ-وە ڕادەگەیەنرێت.

٢- ماوەی هەفتەیەک لە (٢٠١٦/٩/١٨) تاکو (٢٠١٦/٩/ ٢٥) بۆ گازاندە پێشکەشکردن تەرخاندەکریت.

٣- لێژنەی گازندە لە خەڵکی شارەزا لە ئەزموونەکان پێش وەخت لەلایەن کۆلێژ/پەیمانگە فاکەڵتی پێکدەهێنرێت، لەماوەی هەفتەیەکدا پێداچوونەوە و ووردبینی لە گازاندەکان ئەنجام دەدات.

٤- دوای تەواوبوونی گازندەکان لەلایەن تۆماری گشی زانکۆ تا (٢٠١٦/٩/٢٨) کاندیدەکانی کۆتایی بۆ وەزارەت دەنێردرێت بۆ ووردبینیکردن و پەسندکردنی و دەرکردنی فەرمانی وەرگرتنی کۆتایی.

٥- ئەو قوتابی/ خویندکارەی وەرگیرا بەم سیستمە مافی پێشکەشکردنی لە رێگەی (**زانکۆلاین**) نامینێت.

## پێنجەم /گواستنەوە و دابەزین:

١- دابەزین بۆ ئەو بەشانە بە پێی رینماییەکانی دابەزین دەبێت، بەمەرجێک بەشی ناوخۆیی بۆ دابین ناکرێت و، دەبێت لە تاقیکردنەوە دەربچێت یا دەرچووبێت.

٢- دابەزین لەم بەشانە تەنها بۆ بەشی هاوشێوە لە زانکۆکانی تر دەبێت، یا بەپێی کۆنمرەی لە ساڵی دەرچوونیدا.

٣- قوتابی/خویندکار دەتوانی زیاتر لە بژاردەیەکی هەبێت بۆ هەمان ئەو بەشەی کە تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدات لە زانکۆیەکی تری هەرێم ئەگەر لەدەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی بێ بەشی ناوخۆی بۆ دابین ناکرێت.

٤- دابەزین لە بەشەکانی (وەرگرتنی راستەوخۆیی زانکۆیی) بۆهەمان بەش لە زانکۆیەکی تر کە بەزانکۆلاین وەردەگیرێت رەچاوی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراوی زانکۆلاین دەکرێت.

٥- دابەزین لەبەشەکانی (پەیمانگەکان) کە بەوەرگرتنی راستەوخۆیی زانکۆیی قوتابی وەردەگرن بۆ هەمان بەشی پەیمانگە کە بە زانکۆلاین وەردەگیرێت رەچاوی سنووری جوگرافی دەکرێت.

٦- ئەم ڕێنماییە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧، وە کاری پێدەکرێت.

هاوپێچ // لیستی بەشە زانستیەکانی وەرگرتنی ڕاستەخۆیی لە زانکۆکانی هەرێم.

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندی باڵاو توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:

- -ووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر /لەگەڵ ڕێزدا.
- -نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە/بۆ زانین /لەگەل رێزدا.
- -فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی/لەگةڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆکان/ بۆ کاری پێویت/لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەداداچوون/ لەگەڵ رێزدا.
- ناوەندی وەرگرتن.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/لەگەڵ بەرابیەکان
- دەرکردە.